هەواڵی ڕۆژنامەوانی

دەرچوو : ئادار/ ٢٠١٥

## ژمارەی پێوانەیی لە هەرێمی کوردستان گەیشتە ١٤٨,٩ ٪ لە ساڵی ٢٠١٤

نیشاندەری هەڵاوسان لە ساڵی ٢٠١٤ بە ڕێژەی ٤,٠ ٪ بەرز بوویتەوە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠١٣ و ٦,٩ بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠١٢.

### تێکرای هەڵاوسان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٤

| ساڵ | ژماری پێوانەیی | تێکرای ڕێژەی هەڵاوسان بۆ ساڵی بنەڕەت ٢٠٠٧ | تێکرای ڕێژی هەڵاوسان بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پێشوتر وەك ساڵی بنەڕەت |
|---|---|---|---|
| 2008 | 131.7 | / | / |
| 2009 | 126.6 | 26.6 | / |
| 2010 | 127.5 | 27.5 | 0.8 |
| 2011 | 129.9 | 29.9 | 1.9 |
| 2012 | 139.2 | 39.2 | 7.2 |
| 2013 | 143.3 | 43.3 | 2.9 |
| 2014 | 148.9 | 48.9 | 4.0 |


لە خشتەی سەرەوە ، نیشاندەری نرخ و تێکرای ڕێژەی هەڵاوسان پێشاندراوە بۆ ساڵانی ٢٠١٢,٢٠١١,٢٠١٠,٢٠٠٩، ٢٠١٣ بە بەراورد لەگەڵ ساڵی بنەڕەت ٢٠٠٧.

هەروەك لە خشتەی سەرەوە هاتووە، جیاوازیەکی گەورە هەیە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ کە هۆکارەکەی دەگەڕێتە بۆ هەژمار کردنی تەنها ٨ مانگی ساڵی ٢٠٠٨ و هەژمار نەکردنی نرخەکانی ٥ مانگی یەکەمی ئەم ساڵە.


هەروەها، گورانکاریەکی گەورە بە دی دەکرێت لە نێوان ساڵانی ٢٠١١ و ٢٠١٢ و ئەمەش بۆ گەلێك هۆکار دەگەڕێتەوە، لەوانە، نرخی زێر ونەوت وکارەبا و هەزینەی خوێندن و هەروەها نرخی ئوتومبیل و هەزینەی پزیشکەکان وکەرەستەی خواردن وگشت بابەتی تر کە بەرزبونەوەیان بە خۆوە بینیوە لە ساڵی ٢٠١٢ .

سەبارەت بە ساڵانی ٢٠١٣ و ٢٠١٤ ، بەرزبوونەوەیەك بەدی دەکرێت لەم دوو ساڵەدا بەڵام جیاوازی لە نێوان ئەم دوو ساڵە جیاوازیەکی بەرچاو نیە و هۆکاری ئەم بەرزبوونەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتن لە هەرێمی کوردستان و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان بە هۆی هاتنی ئاوارەکانی سوریا و خەلکی ڕاگوازراوی ناوخۆیی و هەبوونی ئاسایش لەم هەرێمە کە بە هۆکاری سەرەکی هەژمار دەکرێت.

### ژمارەی پێوانەیی لە هەرێمی کوردستان





### تێکرای هەڵاوسان لە هەرێمی کوردستان بەبەراورد لەگەڵ ساڵی پێشوتر لەسەر بنەمای ساڵی ٢٠٠٧




لەم وێنەیەدا تێکرای هەڵاوسان پێشان دراوە لە فەترەیەکی زەمەنیدا ( ٢٠١٠، ٢٠١١، ٢٠١٢، ٢٠١٣، ٢٠١٤ ). هەروەك لەم وێنەیەدا هاتووە ڕێژەی هەڵاوسانی ساڵانە لە ساڵی٢٠١٤ دەگاتە ٤,٠٪ و بە بەراوورد لەگەڵ ساڵی پێشوو جیاوازیەکی بەرچاوی هەیە.

**تێکڕای هەڵاوسان لە هەرێمی کوردستان بە پێی ساڵی بنەڕەت ٢٠٠٧**




**لەم وێنەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کەوا ڕێژەی هەڵاوسانی ساڵانە بە بەراورد لەگەڵ ٢٠٠٧ بەرز بووتەوە بۆ ٤٨,٩٪ کە ژمارەیەکی زۆر بەرزە. ئەم هەڵاوسانە دەگەڕێتەوە بۆ بەرز بوونەوەی نرخی بەکاربەر لە نرخی کەل وپەلی خۆراك و گشت کەل وپەلەکانی تر کە بەکاربەر بەکاریان دەهێنێت بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠٠٧. ئەمە بەرزبوونەوەیەکی سروشتیە بە گوێرەی ئەو پێشکەوتنانەی کە لە هەرێم بەدی دەکرێت لە بواری کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئاوەدانکردنەوە و تەندروستی لەم ساڵانەدا.**


**بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە :**

**تەلەفون:** ٦٦٢٥٥٩١٧٠(٠) 964+

**ئیمەیل:** contact@krso.net

**ماڵپەڕ:** www.krso.net


زنجیرە ١٥